Kurdistannet کوردستان نێت

مەنفاو نامۆیی

# خەونی گەڕانەوە لە شیعری حەمەسەعید حەسەندا



عومەر کەریم بەرزنجی

تاگوشارەکانی ژیان زۆرتربن, تاگیروگرفتەکانی بوون ئاڵۆزتربن هەستکردن بەنامۆیی لەناخی مرۆڤەکاندا پتر گەشەدەکات, لەبارەی نامۆییەوە گەلێك لێکدانەوەو راڤەی جۆراوجۆر کراوە, هەریەکەو لەروانگەی بیروو بۆچوونی خۆیەوە راڤەی نامۆیی کردووە, لەروانگەی( مارکس )ەوە( نامۆبوون ) دوورکەوتنەوەو بەهاوەرنەگرتن وسودمەند نەبوونە لەڕووی ئابورییەوە: کرێکار واهەست دەکات بەرهەمەکەی لیٚ زەوت کراوە و چارەسەرەکەش شۆڕشی کرێکارییە بە پێی لێکدانەوەی مارکس بێت کرێکار لەدوای شۆڕشی کرێکاری رەگ و ریشەی نامۆیی لەناخیدا هەڵدەتەکیٚو کۆتایی پێدێت, بەلاّم بابزانین ( فرۆید ) نامۆیی دەگێڕێتەوە بۆچی, لەروانگەی( فرۆید )ەوە هەستکردن بەنەگونجان و دووری و بێگانەیی لە دەورو بەروو پێداویستییە بایۆلۆژییەکان و سێکسیەکان تێرنەبوو, لەدەرهاویشتەکانی سرووشتی دەوروو بەر کە دەرەنجامی دوورە پەرێزی دەبەخشێت کەسەکە نامۆ دەبێت لەو دابونەریتەو یاساو رێساو رەفتارە باوەکانی ناو کۆمەڵ کە لەگەڵ حەزو ئارەزووەکانی ئەو مرۆڤەدا تەبانابێت, هەندێك پێیان وایە دۆخی نیشتەجیٚ بوون لەوانەیە تەواو پێچەوانەیدۆخی نامۆبوون بێت وەك ئاراستەی جوڵە, گەر کۆچ کردن پرۆسەی دەربازبوون بێت لەدۆخی نیشتەجیٚ بوون ئەوکات پرۆسەی نیشتەجیٚ بوون جۆرێکە لەدەربازبوون لەدۆخی نامۆبوون و گەریدەیی, گەرچی رەنگە سەرهەڵدانی نامۆیی بگەرێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی, لەبەرئەوەی مرۆڤ کائینێکی گەریدە بووەو پاشان زەروورەتی ژیان ناچار بەنیشتەجیٚ بوونی کردوون, لەروانگەی ئاینیشەوە ئەم دنیا شتێکی کاتییەو دنیایەکی دی هەیە کە دوای مردن مرۆڤەکان پێی دەگەن, هەر ئەم روانگەو دنیابینییەی ئاینە وادەکات مرۆڤی باوەڕدار لە چاوەڕوانی دنیایەکی دیدابێت و لەم دنیایەدا هەست بەنامۆیی بکات,کۆتایی هاتنی ئەم نامۆییەش بەتەنها بەگەیشتن بەو دنیایەی دیکە دێت,وەلیٚ ئایا لەو دنیایەی دیکیشدا نامۆیی مرۆڤ کۆتایی دێت یاخود هەر هەست بەنامۆیی دەکات؟.

چەند بۆچوونێکمان لەمەڕ هۆکارەکانی نامۆیی هێنایەوە, لێرەدا بۆچونێك لەمەڕ چارەسەری نامۆیی دەهێنینەوە, ئەویش بۆچونێکی( ئەریك فرۆم )ە کە دەڵیٚ"دەکریٚ نامۆیی مرۆڤ ببەزێنریٚ تەنیا لەرێگەی گۆڕانکارییە درێژخایەنەکانەوەلە هەموو لایەنەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریدا, هەروەها لەوبڕوایەدایە کە سیستەمێکی نویٚ بۆ کۆمەڵ دەبیٚ بخولقێنریٚ ئەگەر ویسترا بەم ئامرازە ببڕدرێت " مەبەستی سەرەکیم لێرەدا

باسکردنی نامۆیی‌یە لە شیعری( رازی غەریبی )برای شاعیر( حەمە سەعید حەسەن )دا( رازی غەریبی )لە شەش کورتە کۆپلە شیعر پێك هاتووە و لە ژمارە( 219 )ی( ئەدەب و هونەری برایەتی )دا بڵاوکراوەتەوە.

## خەونەکانم

چەند ساڵێکە مەلی تەریوی ژیانم

لەسەر لقی درەختێکی قژتەزیوی

ئەوپەڕی باکوری دنیا هەڵکورماوە

بەڵام رەگی گوڵە هێرۆی خەونەکانم

هێشتا شەوێ دەستی لە داوێنی وڵات

بەرنەداوە.

ئەگەرچی شاعیر بەجەستە لەوێیە, ئەوێی مەنفا, ئەوێی ئاوارەیی و دەربەدەری, بەڵام گوڵە هێرۆی خەونەکانی, رەگی لە قوڵایی دڵی نیشتماندایەو تەنیا بۆشەوێکیش چییە دەستی لە داوێنی نیشتمان بەرنەداوە ئەگەرچی بەجەستە لەوێیە, بەڵام باڵندەی خەونەکانی ویست و ئارەزووەکانی لێرەن ئێرەی نیشتمان, ژیان ناچاری کردووە باڵندەیەکی تەریو بێ‌و هەمیشە لەخەونی گەڕانەوەدا بێت, لەناخی شاعیردا گەورەیی ژیان بەمانای گەورەیی‌و جوانی نیشتمان دێت ئەوەتا لە شیعری( گەرانەوە )دا دەڵێ:

## گەرانەوە

پەپوولە پایزەم

نازانم رەشەبای نامۆیی

بەرەو کوێی هەڵگرتووم

کۆترم

داڵاشێ کەناوی دوورییە لە وڵات

واچنگی لە جگەر گیرکردووم

پێم خۆشە چرکەیە خێراتر

ماندووبێ‌و لەجێیە لابدات

تازووتر پەپوولەی رەوانم

رووله تۆ باڵبگرێ

ئەی تاقە بەهەشتی سەر

زەوی

وڵاتی وێرانم

لێرەدا شاعیر خۆی‌بە پە پولە پایزە دەچوێنێ‌و کۆچ و گەڕیدەیش رەشەبای نامۆیی, پە پوولە پایزە بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی بەدەم شنەی"با"وە دەڕوات, واتە"با" ئاراستەی رۆیشتنی دیاری دەکات, لێرەدا شاعیر پێمان دەڵێت بەبێ ویست و ئارەزووی خۆم هاتوومەتە ئێرە

ئێرەی مەنفا, پێم خۆشە دالآشی دووری لە وڵات زوو ماندوو بیٚو بنیشێتەوە, تا غەریبی و پەناهەندەیی کۆتایی پیٚبیٚ و پە پوولەی رۆح بگەرێتەوە بەهەشتی ئەم نیشتمانە وێرانە..وڵات ئەگەر وێرانەو کاولگەیەکیش بێت لە روانگەی شاعیرەوە بەهەشتێکە جوانترو سەنگینترە لە بەهەشتی هاندەران.

## نامۆیی

ئەی کوردستان

لە ئامێزتا

نامۆیی وەکو دڕکەزی

لە داوێنی رۆحی تەزیوم ئاڵابوو

ئێستاش کە دوورم لە باڵات

نامۆیی کرمی ئاوریشمە

گەڵتووی تەمەنم دەخوات

ئەگەرچی لەناو خودی نیشتمانیشدا دڕکەزی نامۆیی لە داوێنی ئاڵاوە, لە مەنفاشدا نامۆیی کرمی ئاوریشمەو گەڵاتووی تەمەنی دەخوات, هەرچەندە لەناو خودی نیشتمانیشدا نامۆیی هەر هەبووە,وەلیٚ هێندەی نامۆیی مەنفا مەترسیدار نەبووە نامۆیی مەنفا دێوەزمەی مەرگ و فەنابوونەو تەمەن بەرەو دواهەوار دەبات شاعیر لە ( دوادیمەن )دا دەڵیٚ:

## دوادیمەن

دڵنیام رۆژیٚ

دەستی میوانی ئێسکگرانی

مردن دەگاتە زەنگی دەرگاکەم

بیٚ پەروایانە چاوەڕێی دەکەم

لەوە دەترسم

پێش چاولێک نانم

ئەوی دەیبینم

دیمەنی جوانی

چەمیٚ, نزاریٚ

مێرگیٚ, بناریٚ

گوندی بەرۆکی شاخێکی نەبیٚ

ئەی نیشتمانم

لێرەدا ترس لەمردن ئەوەندەی ترسە لە دابڕانێکی ئەبەدی لە نیشتمان هێندە ترسان نییە لە خودی مەرگ, لەم وێنە شیعرییەدا شاعیر گرێدراوی خۆی بەنیشتمانەوە پتر ئاشکرا دەکات, ئەوەتا لەوە دەترسێت بەرلەوەی

میوانداری مەرگ بکات ئەو دیمەنانەی دەیبینێت,وێنەی رەنگینی چەم و بنارو مێرگ و نزارو قەدپاڵی گوندی کوردستان نەبێت, بەڵکو دیمەنی مەنفا بێت, سەبارەت بەعەشق و ئەڤینی نیشتمان لێرەدادەڵێ:

# نیشتیمان

تاناهەنگی ئاوارەیی قووتی نەدام

نەمدەزانی

ئەوەندە شیرینی لەلام

دووریت مامۆستای ئەوین بوو

دەرسی خۆشەویستی دادام

دووری لە نیشتمان, پتر هەستی جوانی و خۆشەویستی لە ناخی شاعیردا دەبزوێنێ, گرێدراوی شاعیر گرێدراوییەتی بەزێدێکەوە کە لەناخیدا سات لەدوای سات هەست بەگەورەیی و پیرۆزی دەکات ئەوەتا شاعیر پێمان دەڵێ:

# هەواڵ

ئای گەلەکەم

تا دەست دەکەمەوە ملت

تا دێمەوە سایەی باڵات

دووری لە تۆ هەواڵێکی جەرگ برە

سەعاتی جارێ لەدەرگای دڵم دەدات.

تاساتی شادبوونەوە بەزێدوو نیشتمان تاکاتی گەرانەوە بۆ ئامێزی گەل دووری لەنیشتمان دووری لە گەلەکەی کارەساتێکی جەرگ برە ساتێکە پڕلە گومان و دوودڵی پڕلە ترس و نیگەرانی هەموو چرکەیەك خورپەی دووری دڵی داگیر دەکات.

# سەرچاوە


1-لەهیرمۆنتیکای هایدگەرەوە بۆ پرۆسەی تەئویل لە هڵدرلین و چیبیەتی شیعردا عیرفان مستەفا رامانی ژ(49)

2-نامۆیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە قاسم محەممەد مستەفا برایەتی ژ(3448)

3-نامۆیی و نیگەرانی لە (مەرکانە شکاوەکانی جەنگ)دا کەمال غەمبار گۆڤاری رامان